سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە یادی سەرهەڵدانی هاپڕین پەیامێکی بڵاوکردەوە



بافڵ تاڵەبانی، سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە یادی سەرهەڵدانی هاپڕین پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە، ئەمڕۆ بە شانازییەوە یادی ڕاپەڕینە مێژوویییەکەی گەلی کورد و جوامێری و ئازایەتیی ئەو دێکەینەوە، یادی هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمان و تێکۆشەرانە دێکەینەوە کە گیان لە شۆڕشێنگ بەردا و مژدەی داهاتوویەکی ڕووناکتریان بە کوردستان بەخشی.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەزانێت ئەوە چ مێژوویەکی پڕ لە شانازی و درەوشاوەتان تۆمارکردووە و چەند ڕۆڵەی قارەمانتان بەم خاکە بەخشیوە، لە یادمانە چەند ئازارتان چێشت و لە چ دڕبەدڕییەکدا ژیان، بە ئەمڕۆش یەکێتی هەمیشە قەرزاری ئەو و خۆڕاگریی کێسوکاری سەربەرزی شەهیدەکانمانە.

دەزانین نیگەرانییەکان زۆرن و ئەو ئامانجانەی خوێنی گیانی شەهیدەکانمانی لێپێناو ڕژا، وەکخێی نەهاتنەدی. خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی پێویستدا نین و دەخێکە بەو شێوەیە نییە کە ئەوە و ئەمڕۆش هیوامان بە خواستبوو. بەڵام وەکچۆن لەماوەی ڕابردوودا بەدڵنیاییەوە دەڵێین ئەم ڕەوشە نادروستەی سیاسەت و حوکمڕانی ڕاستدەکەینەوە و پێگەی دەستووریی کورد لە ناوەندی بڕیاری سیاسی لە بەغداد دەپارێزین، ئەستاش دووپاتیدەکەینەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەو هێزە نییە و نابێت کە پشت لە خەڵکەکەی بکات.